# منیش ئاژاوەگێڕم.. قوربان!

ئیدریس عەلی

پێدەچێت ئەو وتەیەی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر راست بووبێت کەجاران بەخەڵکی خەباتگێڕو پێشمەرگەی دەووت" ئاژاوەگێڕو تێکدەر" چونکە جاران پێشمەرگەو خەڵکی خەباتگێڕ نارازی بوون بەدەسەڵاتی سەرکوتکەرانەی بەعس‌و خۆپیشاندانیاندەکردوو شەوان هەڵیاندەکوتایە سەر مۆڵگەو بارەگای بەعسیەکان، کەچی بەعس لەمیدیاکانییەوە هەواڵەکەی بلاودەکردەوە دەیووت" کۆمەڵێك تێکدەرو ئاژاوەگێڕ فلان کاریان ئە نجامداوە".

من هەرگیز قەناعەت بەخۆم ناهێنم دەسەلاتی کوردی‌و بەعس بشوبهێنم بەیەك، بەلام بۆچی لەم خاڵەدا یەکدەگرنەوە؟ بۆچی کاتێ کۆمەڵێك خەڵك یاخود شارێك یان گروپێك‌و رێکخراوێك لەپێناو ئامانجێکی دیاریکراودا خۆپیشاندانەدەکەن دەسەڵاتی کوردی بەبێ ئەوەی وەلام بە داواکاری‌و خواستەکانیان بداتەوەو خوێندنەوەیەکی واقعی بۆ تووڕەیی‌و هەڵچوونەکانیان بکات، بەهەمان شێوە لەمیدیاکانی خۆیانەوە بلاوی دەکەنەوە" کۆمەڵێك ئاژاوەگێڕو نەیار بە ئەزمونەکەمان خۆپیشاندنیانکردووەو هەستاون بەکاری تێکدەرانە..!"

من دەپرسم گەورەینە کەسێك داوای ئاوو کارەباو شەقامی خاوێن‌و سەروەری یاساو ئازادی رادەربڕین‌و عەدالەت‌و مافی ژیان بکات تێکدەرو ئاژاوەگێڕە؟ ئاخر گەورەینە گەر کەسێك بلێت عەیب‌وعارو کەموکوڕی بەرپرسە حزبی‌و حکومیەکانتان ئەمەو ئەویەو.. یەکێك بلێت بەڕێزینە ئەم هەموو کۆشك‌و تەلارو قەسرو قەمەرەیەتان لەکوێوە هانی‌و.. کەسێکی تر پێتان بلێت ئەرێ خزمینە ئەم زوڵم‌و گەندەڵی‌و بێباکیە هەتاکەی .. بۆچی دەبێت قەڵەم بەدەستە حزبیەکانتان هانبدەن تالەرێی رۆژنامەو کەناڵەکنتانەوە بلێن ئەمانە ئاژاوەگێڕن‌و حەقی سزای توندیان هەیە؟

لەراستیدا گەر کەسێك داوای ژیانێکی ئینسانی بکات ئاژاوەگێڕو دژە حکومەت‌و ئەزمونەکەتانە؟ گەر کەسێك پێیخۆشبێت لەسەر ئەوخاکەی کە دەریایەك خوێنی لەسەر رژاوە ژیان‌و خۆشەوستی‌و هەرزانی‌و دلسۆزی هەبێت تێکدەرو نابووتەو دەیخەنە ژێر چاودێری دەزگا ئەمنیەکانتانەوەو نیشانەی پرسیاری لەسەر دادەنێن؟ لەخۆتان بپرسن ئەم هەلومەرجە بەنیازن هەتاکەی درێژە بکیشێت؟ بپرسن‌و بیرێك لەوەڵامەکەی بکەنەوە کە ئایا بیستووتانە یاخود بینیوتانە هیچ میللەتێك زوڵم‌وزۆرو هەڕەشەو ئیهانە لە حکومەتەکەی خۆی قبوڵ بکات؟ خۆلانی کەم بەڕێزینە ئێوە خۆتان دەڵێن ئێمە هەڵبژێردراوی خەڵکین‌و میللەت دەنگی پێداوین هەتا گەیشتووین بەم پلەو پایە..! دەی هیمەتێك بکەن‌و رێز لە ئیمزاو دەنگی ئەو خەڵکە بگرن.. خەڵك دەنگی نەداوە بۆئەوەی نەوت‌و غاز دەستنەکەوێت.. دەنگیان نەداوە بۆ ئەوەی بەنزین شەڕی لەسەر بکرێت‌و نرخی

بازاڕ به میزاجی چەند قازانج پەرستێکی بازارگان دیاری بکرێت‌و بوونی کارەبا و ئاو ببێتە خونێکی مەحاڵ‌و جارناجار وەك ئەوەی سەروەرییەکتان تۆمار کردبێت لە راگەیاندنەکانتانەوە مژدە بە هاووڵاتیان بدەن ئەوە دوو سەعاتی تر کارەبامان بۆ زیاد کردن‌و چاوەڕێشبن خەڵك پێتان بڵێن" ئەڵڵا چەند حکومەتێکی دلسۆزن"..!

خەڵك کە چوویە بەردەم سندووقەکانی دەنگدان‌و شەڕە پەڕۆیانکردوو رژانە سەرشەقامەکان‌و تا دەمی سپێدە هەڵپەڕین بۆ ئەوە بوو گۆرانکارییەك بەسەر ژیانیاندا بکەن‌و کەمێك لەخەمی سەرشانیان کەم بکەنەوە.. چونکە ئەگەر کار وابڕوات هەموومان دەبینە ئاژاوەگێڕو داوای ژیانی ئینسانی‌و خزمەتگوزاری زیاترو ژیانی مەدەنیانەو هەرزانی‌و ئاسودەیی دەکەین.